شیعری وەرگێڕدراو



مەحموود دەروێش

# تابلۆیەک بە دیوارەکەوە

و: سابیر شاکر مەلوول

ئەمێستە زۆر شت دەڵێ
دەربارەی ئاوابوونی خۆر لە خاکە چکۆڵەدا
هێرۆشیماش بەسەر دیوارەکەوە دەگری...
شەو ڕادەبرێ و ئێمەش لەم دنیایەماندا
جگە لە سیمای مەرگ لە جەنگەی نیوەڕۆدا
شتێکی ترمان پێنابڕێ!
چاوەکانی تۆش سەردەمێکی تریان هەیە و
جەستەی منیش چیرۆکێکی تر،
لە خەونیشدا یاسەمینمان دەوێ
کاتێک دنیا ساڵیانێک لەمەوبەر پارچە پارچەی کردین
دیوارەکان تێنەدەگەیشتن
حەپی ئەسپرین بەڵێ ئەسپرین
پەنجەرە و زەیتون و خەونی دەگێڕایەوە بۆ خاوەنی
گەمەیەک بوو ساڵەکانی لەبیر دەبردیەوە تاسە و حەنین

... ئەو ئێستا زۆر شت دەڵێ دەربارەی ژاکانی گوڵبەرەکان،
دەربارەی برژانگەی گەنم لە وردستاندا
هێرۆشیماش بەسەر دیوارەکەوە دەگری
خەنجەرێک وەک حەق دەچریسکێتەوە/ دەبریسکێتەوە/
ئێمەش لەم دنیایەماندا
جگە لە ڕەنگی مەرگ لە جەنگەی نیوەڕۆدا
بەشێکی ترمان نییە
لە کڵپەی هەوەڵین ماچدا
چی خەمە دەتوێتەوە
مەرگیش بە دەنگی بەرز گۆرانی دەچڕێ
منیش ئێستا خەم ناخۆم، پەژارە دامناگرێ
بەڵکو و گۆرانی دەڵێم و لاوکان دەبێژم
ئاخر پێم ناڵێی ئێستاکانێ
بۆ خاتری مەرگی خۆشخوانێ
کام لەش نابێتە زایەڵە و دەنگێ
کام غەم کام ماتەم کام پرسە
گۆی سەرزەمین داناگرێ؟!!
.... ئەمێستە زۆر شت دەڵێین
دەربارەی ئازاری گیا لە وردستاندا
هێرۆشیما بەسەر دیوارەکەوە دەگرێ
ماچ لەبیر دەچێتەوە و فەرامۆش دەکرێ
ئێمەش لەم دنیایەماندا
جگە لە تامی مەرگ لە قرچەی نیوەڕۆدا
شتێکی ترمان پێنابرێ
- وای لە خۆمان خەستە جەرگ و
گەستەمەرگێ
ئێستەکانە
هەزاران چەم و ڕۆخانە

بەتاو دەڕۆن بە هاژە هاژ لێرۆکانە
هەرچی مێرد ئازا و بەهێزیشە، دلێرەکان
بوێرەکان
تاوڵە دەکەن، مۆرە هەڵداوێن لە چایخانە
گۆشتی شەهیدەکانیش ئەمان ئەمان
تاوێک لەناو قوڕدا ون دەبێ و
تاوێکیش ئۆخژن دەدا بە شاعیران!
هۆ ژنە جوانەکەم
منیش شەوان
شیری بەخ و سەربەرزی دەمژم لەو مەمانەت
.... ئێستا زۆر شت دەڵێین
دەربارەی ونبوونی ڕەنگ لە وردستاندا
هێرۆشیما بەسەر دیوارەکەوە دەگری،
کیژۆڵەیەکی ساوا مرد و لەم دنیایەماندا
جگە لە لرخە لرخی مەرگ
لە جەنگەی نیوەڕۆدا
شتێکی تر لەگەڵ خۆی نابا و
بەخششێکی تری نییە!

**سەرچاوە: العصافیر تموت فی الجلیل. دار الاداب ١٩٧٠**

فەرهەنگۆک
١- بەخ: سەربەرزی
٢- خۆشخوان: گۆرانیبێژ
٣- ساڵیانێک: سالانێک
٤- مۆرە: زار
٥- گوڵبەر: گوڵەگەنم
٦- ئیستەکانە: ئێستا
٧- وردستان: الارض الصغیرە
٨- بەخشش: بەش
٩- خەستە جەرگ: جەرگبڕاو
١٠- گەستە مەرگ: مەرگ گەستوو - مەرگگاز